ئێمە ماوەی وەستانی پێغەمبەری خودامان -صلى الله عليه وسلم- دەخەملێنراند لە نوێژی نیوەڕۆ وعەسر؛ ماوەی وەستانی لە دوو ڕکاتی یەکەممان خەملێنراند لە نوێژی نیوەڕۆدا وەکو خوێندنی {الم تنزيل السجدة -سورەتی السجدة-} بوو، وماوەی وەستانی لە دوو ڕکاتی کۆتاییمان خەملێنراند هێندەی نیوەی ئەوەی پێشووتر بوو

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئێمە ماوەی وەستانی پێغەمبەری خودامان -صلى الله عليه وسلم- دەخەملێنراند لە نوێژی نیوەڕۆ وعەسر؛ ماوەی وەستانی لە دوو ڕکاتی یەکەممان خەملێنراند لە نوێژی نیوەڕۆدا وەکو خوێندنی {الم تنزيل السجدة -سورەتی السجدة-} بوو، وماوەی وەستانی لە دوو ڕکاتی کۆتاییمان خەملێنراند هێندەی نیوەی ئەوەی پێشووتر بوو»، وئەبوبەکر لە گێڕانەوەیەکدا: {الم تنزيل السجدة - سورەتی السجدة-}ی باس نەکرد، ووتی: هێندەی سی ئایەت بوو.

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ماوەی وەستان لە نوێژی نیوەڕۆ وعەسر ڕوونەدەکاتەوە، ماوەی وەستان لە دوو ڕکاتی یەکەم لە نوێژی نیوەڕۆدا وەکو ماوەی خوێندنی سی ئایەت بوو، واتا وەکو ماوەی خوێندنی سورەتی -السجدة- بوو، ودوو ڕکاتی کۆتایی هێندەی ماوەی هێندەی نیوەی دوو ڕکاتی یەکەم بوو؛ واتا وەکو ماوەی خوێندنەوەی پانزە ئایەت بوو، ونوێژی عەسر ماوەی وەستانەکەی کەمترە لە دوو ڕکاتی یەکەمدا هێندەی ماوەی خوێندنەوەی پانزە ئایەت دەوەستێت، ولە دوو ڕکاتی کۆتاییدا هێندەی ماوەی نیوەی دوو ڕکاتی یەکەمە؛ واتا وەکو ماوەی خوێندنەوەی حەوت یان هەشت ئایەت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10917